# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٥٣) لە ٢٠٢٤/٥/٢٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی یاسای دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی وەزیران ژمارە (١٣١) لە ٢٠٢٤/٥/٢٩، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵای وەزاریی لەم بەڕێزانە خوارەوە بۆ پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی نەخشەڕێگای دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم ناوچانە کە لەلایەن دەستەوە خرایەڕوو لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لەبەر ڕۆشنایی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٠ هەموارکراو بە هەماهەنگی وەزارەت و دامەزراوە تایبەتمەندەکان لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم:

١. وەزیری ناوخۆ.
٢. وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
٣. وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.
٤. وەزیری گواستنەوە و گەیاندن.
٥. وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەی زانستی.
٦. وەزیری پەروەردە.
٧. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان.
٨. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٩. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
١٠. سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
١١. سەرۆکی دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.